کوژرانی منداڵکی فەڵەستینی لە کێشاری ڕۆژئاوا بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل

ئەمڕۆ سەرچاوەی، منداڵکی فەڵەستینی دوای ئەوەی لە باکووری کێشاری ڕۆژئاوا بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل بە سختی بریندارکرا، لە نەخۆشخانەی گیانی لەدەستدا.

ئەم سێیەم هاووڵاتی فەڵەستینییە کە ئەمڕۆ لە کێشاری ڕۆژئاوا بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل بکوژرێت.

وەزارەتی تەندروستی فەڵەستین لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە هێزەکانی سوپای ئیسرائیل هێرشیانکردۆتە سەر شاری توباس لە کێشاری ڕۆژئاوا لە ئاکامدا پێکدادان لەنێوان فەڵەستینییەکان و سەربازانی ئیسرائیلدا ڕوویداوە.

ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی ئەو پێکدادانە، ژمارەیەک هاووڵاتی فەڵەستینی بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل بریندارکراون لە نێواندا منداڵکی فەڵەستینی بە ناوی ئەحمەد جەمیل وەهدان(14 ساڵ).

باسی لەوەیش کردووە کە ئەحمەد جەمیل وەهدان بەهۆی سختی بریندەکەیەوە لە نەخۆشخانەی گیانی لەدەستداوە.